سیرە: ٩

بسم الله الرحمن الرحيم

(والعصر{١} إن الإنسان لفي خسر{٢} إلا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر{٣}) والصلاة و السلام على خير خلقه محمد و على اله و صحبه،السلام عليكم ورحمة الله و بركاته.

بە تەوفیقی باری تەعالا لەر سەر ئیزنی ئەو إن نشاء الله لە خزمەتتان تەکمیلەی دروسی سیرە وە ئیتمامی ماددەی حەفتەکانی پێشترێ، ئەو حەفتەیە دەست پێ دەکەین بەبیدایەتی ماددەی ریسالە، ریسالەت وە رەسول، وەکە ئەو دووە تێکەر دەبی لە محمد کو صلی الله علیە و سلم ئیجاد دەبی، پاشان ئەو رەسولە کو حەڕەکە دەکا کو ئەو ریسالەتە تەطبیق دەکا؟ ئەو وەسەطەی کە تێیدا مەوجودە کو فیعلەن وفقی ئیرادەتی خوای جل جلالە تەبلیغ و تەفهیمی تەبینی ئەو دینەی دەکا؟ بە موصطەلەحی فیقهی ئیقامەی حوججە دەکا لە سەر ئەو وەسەطەی کەتێیدا مەوجودە، وە ئەو حەققە وەکو سیراجەك بمینێ لەبۆ هەموو بەشەریەت لە پاشە خۆی.

لە دەرسی سابیق دروسەکانی پێشی ویش بەحسی ئەوەمان کرد ئەو نەبییە عەظیمە تانی حوسنی ئیستیفادە لە هەموو ئەبعادی مەوجودی ماددی و مەعنەوی بکا کە رب العالمین لە بۆی تەهیئە کرد بوو، بەحسی زەمانمان کرد اشهر الحرم کە تانی کو فیعلەن ئەو پێغەمبەرە نازدارە حوسنی ئیستفادەی قصوا لە سەتا سەتی ئەو مانگانە ئیستفادە بکا، وە بوعدی مەکانی مەککە، تەدەییونی مەککە، شەڕافەتی مەککە دینییەن کە حەڕەم بوو ئامین بوو، رەسمەن لە لای قوڕەیشەوە مەجالی ئەوەی درابوو لە ناو مەککە هەر یەك ئەوەی بیەوێ بتانی ئیعلانی مەقاصیدی خۆی تێدا بکا.

پاشان نوقتەی سێیەم بە حسمان کرد شەخصییەتی ئەو رەسولە عەظیمە کە کو ئەووەلەن ذاتی خۆی، پاشان ئەنساب، ئەوجا بەدەنی، بیئەی، ئەو وەسەطەی کە تێیدا مەوجودە، کو هەموو دیسان لە وانەش حوسنی ئیستفادەی قصوای کرد، وەتانی لە ئەثنای نەشاط و حەرەکە و ئیحتیکاك لەگەر وەسەط تانی ئەوانە هەمووی في الله و بإرادة الله تەحویل و تەوجیهـ بکا، بەحسی ئەوەشمان کرد کە قوڕەیش فیئاتیان موتەنەویع بوو، فیئەی گچکە لە عوضەماء و ساسە و ئەثریاء دەولەمەندەکان، عەمالیقە ضەخمەکانی سەدەنە و مجێورەکانی بت مەجموعە بتەکانی کە مەوجودن، سێ سەت و شەست و قصور بت هەبوون، کە ئەوانە صاحێب پارەو ئیمکانیەت و موشەرریعیش بوون قانونیان دادەنا، سولطە و سەیطەرەی ئەوەیان لە بۆخۆیان دروست کرد بوو من دون الله، وەشەریحەکی لەوی زۆر ضخم تر ئەویش بوسەطاءو سەطحیین و بەستەزمان و حەق خوراوەکانی ناو مەککە بوون، ئەوە هەمووی بەلایەکی.

طەرەفی موقابیلیش پێغەمبەر و جەمعەکی گچکە لە موئمینین لە موقابیل بوون، ئەوانیش بە واسطەی ئەمری رەببانی کە رب العالمین عەمودی ئایاتی دەهینا خوارێ لە بۆ قەلبی محمدی صلی الله علیه و سلم لەگەر قولوبی ئەصحاب، ئەصحاب ئەو ئەوامرانەیان وەردەگرت لە داخیلی خۆیان مومارەسەیان دەکرد کە ئیمانییات، ئیمانیان بەو ئەوامرانە دەهینا، ئەوجە کە دەهات لە واقیع تەحویلیان دەکرد بەو نەوعەی تەفەششی مەفهومی دین و نبووەت بوو لە ناو مەککە.

کەلیمەی دین وە کەلیمەی نەبی هۆردووك مەربوطە بە محمد کە تە ناو زار و گێچکەی زۆربەی کەسەکانی ناو مەککە، لە قورەیشیین وە حەتتا لە خاریجی قورەیشیین ئەو ئەعراب و بەدو لە صەحارا لە صەحرایەکان مەوجود بوون، کە دەهاتنە مەککە، ئەوانیش کەتە ناو گێیان ئائەو دەعوە تازەیە، لێرە نابی لە مەوپاش ئیشی پێغەمبەری صلی الله علیه و سلم بەو نەوعە عەفەوییاتە بڕوا، خەرك دێ پاشی ئەوەی کە گێی لە دیعایەی نبووەت بووە، بێ دێتە خزمەت پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم خەرك دێ یەقەی پێغەمبەر بگری وە طەلەبی مەفهومی هیدایەت و ریسالەت وەربگری، دەبی ئەوحالەتە نەقل ببی لە بۆ حالەتەکی تازە، ناکرێ پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم نەفەر نەفەر، عونصر عونصر، شەخص شەخص، یەقەیان بگری و مەواضیعیان لە بۆ طەرح کا، چونکی ریسالەی پێغەمبەرصلی الله علیه و سلم لە بۆ مەجموعە شەخصەك نەبوو، لە بۆ یەك مەنطقە و بوقعە جوغرافیش نەبوو، ریسالەی موحەممەد صلی الله علیه و سلم لە بۆ ئینسان لە خۆیەوە دەست پێ دەکا کە: (امن الرسول بما أنزل إليه من ربه والمؤمنون)(البقرة ٢٨٥) هەتا ئەخیر ئینسان لەوجود، ئیذەن دەبی ئائەو بوعدە ئیمانیەی، یاخود ئەو مضەخخە و ماطۆڕە ئیمانیەی کە دەبی محمد پێی بی ئیکتیفای هەموو بە شەرەکانی پێ بکا، لە خۆیەوە هەتا ئەخیر ئینسان لە سەر ئەو وجودەی، ئەگەر بەشەرییەتیش بەمەلاین ساڵ ما، محمد ئەوەندە ئیمانەی پێ بی هەتا بتانی بەشی ئەو هەموو بەشەرەکانی سەر کوڕەی ئەرضی بکا، ئەوە بە نسبەت بەشەر.

وە لە مەککەوە دائیرەك وەربگرە سەبر سەبر بازنە و دائیرەکە گەورە بکە هەتا هەموو کوڕەی ئەرض دەگری دەبی محمد بە بوعدی جوغرافی هەموو کورەی ئەرض دەبی هەمووی تێر بکا هەموو ئیشباع بکا بە مەفهومی ریسالەت، یەعنی بتانی تەبلیغی ئەو دینەی، وە تەفهیمی ئەو ریسالەیە، وە تەبیینی ئەو حەققەی بکا لە بۆ هەموو ئینسان، لە هەموو زەمان وە لە هەموو مەکان، ئیذەن زەحمەتە سێ چار عەرەب بێنە خزمەتی پێنج شەش بەدو لەولای میوانی بن، دوو سێ نەفەر لە ناو مەککە لەناو بەیت ئەثنای نوێژێ مولاحەظەی بکەن نوێژەکەی طەبیعی نییە وەکو نوێژەکانی عالەمیتکە، دەبی لەو بوعدەی دەرچی، لۆیێ رب العالمین حالەتەکی تازە لە محمد دروست دەکا ئەویش صبغەی عالەمییەت و ئیستمرارییەت، بە موصطەلەحی قورئانی یەعنی ریسالە، محمد دەبی

ببته رەسول، لە بوعدی نبووەت جێیەکی مەحدود کە مەککە، وە زەمانەکی مەحدود کە عومری شێست و قسور ساڵە موحتەمەلە ئەوەندە بژی، لەوەی دەبی دەری بینی لەبۆ ئوفوقەکی واسیع تر، بە چ دەگاتە ئەو مستەوایە؟ کە ئیطلاق ببی لە زەمان و مەکان الی ان یشاءالله ویرث الارض و ماعلیها؟ بە مەفهومی ریسالەت.

لۆیێ پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم لە ئەثنای ئیحتیکاکی ئایات دێتە خوارێ لە سەر ئەو ذاتە موبارەکە، لە ناو داخیلی مومارەسەی دەکا، ئیمان برند دەبی کە ئیمان برند بوو دەبی ئەو ئیمانە تەغذیە بکرێ دەربچی نەخۆ لەوێ[ واتە دڵ] دەتەقی، دەبی تەحویل بکرێ، تەوزیع بکرێ، ئیذەن دەبی ئوفوقی محمد صلی الله علیه و سلم لە بۆ ئیحتیکاکی ئینسانی زیاتر بی، لۆیێ رب العالمین ئەمری پێ دەکا دەوائیر لە مەوپاش موغلەق نەبی مەحدود نەبی،(قم اللیل)ت (المزمل٢) کرد بنعمة ربە تەحەددوثت کرد تەذکیرت کرد، ئێستا لەو بوعدەی نابی بمینێ، مادام سەقفی دەعوە نەشربوو، مەساحەکی زۆری گرت، دەعوە چووە مەسامیع و گێچکەکانی زۆربەی مەوجودیین لە ناو مەککە، ئیذەن ئەتوو لەو هەمووە مەسئولی، لە مستەوای ئەو هەمووەش دەبی تەعامول بکەی، ئەوە هەمووی بوعدی تەبلیغیی.

ماعەدای وەی ئەو جەمعە گجکەیە کەصنفي موئمینین ئەصحابەن، دەبی ئەوانیش لە دائیرەی موغلەقی خۆیان نەمینێن، هەتا دەرسی حەفتەی پێشترێ هەر دەمان گۆت موتەحەریك و مونەششیط ئەبو بەکر بوو ئەویش مەلەففاتی ئەهلی مەککەی هەموو لە مێشکیتی، پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم دەیەوێ سیررەن تەبیین و تەبلیغی فەهمی ئیسلام بکا، طەلەبی دەکرد لە ئەبوبەکر ئەبوبەکریش بالتسلسل مەلەففەکانی ناو مێشکی سەحب دەکرد، شەخصیاتی ناو مەککەی بە تەفصیل تەقدیمی دەکرد لە بۆ پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم، پێغەمبەر وفقی مواصەفاتی ئیجابی « فخیارکم فی الجاهلیة خیارکم فی الإسلام إذا فقهوا »رواەالبخاري، ئیختیاری دەکردن و ئیسلامی لە بۆ تەقدیم دەکردن، ئێستا زەمەن مەساحەی ئەوندەی نەمایە مەجالی ئەوەندەی نەمایە، دەبی پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم تەکثیفی دەعوەی بکا، عەطائەکەی زیاتر بی.

لۆیێ رب العالمین لە سورەتی مدثر لە پاشی سێ ساڵی ڕەبەق ئەوجا پێی دەفەرمی: (یا أیها المدثر قم فأنذر) (المدثر٢) ئەوە بوعدەکی تازەیە لە عەطائی ریسالەت، یەعنی یا محمد ئەتوو مولکی ئەو هەزار و دوو هەزار سێ هەزارە نەفەرەی نی لە ناو مەککە یان لە خاریجی مەککەن، یاخود چەند سەد کیلۆ مەترەکی مورەببەع کە مەوجودە لە دەوروبەری مەککە و ناو مەککە، ئیننەما یا محمد ئەتو رەسولی هەموو بەشەرەکانی لە (الله)وە وەسیطی وەحیدی لە بۆ عەطائی ریسالەت لە بۆ هەموو بەشەرەکان، بە هەموو تەنەووعاتی بەشەر، حەتتا صابیئە کە لە داوودەوە مایە، یەهود کە لە موساوە

مایە، مەسیحیین کە لە عیساوە مایە، ئەوجا پاشان ئەحناف کە مەوجودن لە ناو مەککە توراثییەن لە ئیبراهیمەوە ماینە ئەوانە، ماتەبەققای مونحەریفین، ئەوجا پاشانیش لە بۆ هەر جیلەك هەر ئینسانەك دێتە ئەو وجودەی، دەبی فیعلەن ئەتوو رەسول بی، حەتتا لە بۆ ئێستاش وە لە بۆ هەتا ئەخیر ئینسان لە سەر وجود، لە عەینی وەقتیش نەك لەدائیرەی موغلەقی مەککە یاخود جەزیرەی عەرەبی ئینەما کوڕەی ئەرض و بالأحری وە ئەصەحتر هەموو کەون، هەموو عالەمین، هەموو وجود.

بەحسمان کرد لە چەند دەرسی پێشتر مەفهومی (وما أرسلناك) ئەرسەلناکە یەعنی ریسالە رەسولە، (وما أرسلناك إلا)(الأنبیاء ١٠٧) ئیستیثناء (رحمة للعالمین)، لە سوڕەتی فاتحە نالێین(الحمد لله رب العالمین) (الفاتحة٢) عەوالیم لەو کەونەی زۆرە، بەس بەشەر نییە، بەشەر جوزئەکە لەو عالەمەی، بەحسی ئەوەمان کرد گۆتمان ئائەو دیوارەش عالەمەکی خاصە حەییە، ئەمما نەوعی حەیاتی وەی لەگەل نەوعی حەیاتی مە موختەلیفە، عالەمی جن عالەمی مەلائیکەت، عالەمی نەبات، عالەمی جەماد، هەمووی ئەوە عەوالیم بوو، محمد رەسولە لە رەببی ئەو هەموو عالەمینە لە بۆ ئەو عالەمینە، ئیذەن وەسیطە ناقیلە، دیارە محمد لە مومارەسەی ئیمانی گەیشتە ئەو سەقفەی ئەو مستەوایەی بتانی فیعلەن ئائەو ئیلقائە رەببانییانە نەقل کا لە بۆ خاریج، مەسامیعی قوڕەیش گێی لێ دەبی تەقاریر دەگاتە قوڕەیش، قوڕەیش هەموو جومعان ئێواران دادەنیشن ئەو تەقاریرانە دەخینن، صەدەماتی رەججاتی یاخود زەلزەلاتی فکری وە ئیعتیقادی قوڕەیش هەمووی ئیهتیزاز پێ دەکا ئا ئەو ریسالەتە، بێ ئەوەی لەمسی مەشاعیریان بکا یان تەصادوم و ئەحاسیسی جوزئی پەیابی لە ذەواتی قوڕەیش لەگەر ذاتی ریسالەت، ئەمما حەتمەن ئائەو زەمەنە مەحدود دەبی، لۆ؟

چونکی لە دەرسی پێشترێ عەرزمان کردن کە کو ئەو (محمد)ە مەربوطە عەمودییەن بە رب العالمین، شەیاطینیش ئەوکاریان هەیە، شەیاطینیش قەواعیدیان هەیە، هەر لە ناو مەککە وە ئیتیصالی موباشیریان هەیە بە ئینسان، پاشی دەرس إن شاءالله ئەو مەفهومە زیاتر تەوضیح دەکەین دیارە بەعزە ئیستیفسارات دروست بووە، ئیتیصال موباشریان هەیە (وإن الشیاطین لیوحون إلى أولیائهم لیجادلوکم وإن أطعتموهم إنکم لمشرکون (الأنعام ١٢١)، وەحی موباشیر (تنزل على کل أفاك أثیم) (الشعراء٢٢٢) لە ضمنی سوڕەی قەلەم (ولا تطع کل حلاف مهین هماز مشاء بنمیم مناع للخیر معتد أثیم) (القلم١٢))، خەتمان لە بن کەلیمەی أثیمی وێ و ئەثیمی ئێرە کێشا، ئیذەن وەلیدی بن موغیرە وە ئەبو لەهەب وە ئەبو جەهل وەسیطی حەقیقی بوون لە بۆ تەحویلی مەفاهیمی شەیطانی لە بۆ واقیع، حەقیقەتەن، لۆیێ دەرسی پێشترێش گوتمان ئائەو عەقلە عەجیبە، ئەو عاقلە ذەکائە عەجیبە بینە ئێستا تەحلیلی کە دەرێی کأنە لە غورەفی موخابەراتی عالەمی ئەو تەخطیطانە دەرچوە، إن شاءالله لە ئەییامی موستەقبەل دێ سەبر سەبر ئەوانە تەوضیح دەکەین، باشە کێ کێ فیعلەن ئەو صیغە

عەقلییەتە یاخود ئەو تەخطیطاتە یان نەوعی تەفکیرە دایتیە ئەبولەهب و وەلید بن موغیرە و ئەبو جەهل؟ ئەگەر فیعلەن جیهەك غەیری بەشەری وەغەیری عەقلی ئەو بەشەرە مەحدودانە نەبوبی خەرائیط و موخەطەطات لە بۆ ئائەو قورەیشییانە یان ئائەو کەلیمەی ناسانە دروست نەکرد بی، ئیذەن دەردەچی صیراعی پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم بەس لەگەر ئەو ذەواتانە نابی، حەتمەن دەبی لە ئەثنای ئیحتیکاك هەرشتەك لێك بخشینی حەڕارە دروست دەبی، پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم ئیحتیکاکی هەیە لەگەل ئەو وەسطەی کە تێیدا مەوجودە حەتمەن ئەثەری حەرارەت و حەماوەی بەشەری یا کوفر یا ئیمان پەیا دەبی، باشە بە چ صیغەك حەرارەتی کوفر دابەزینی و حەرارەتی ئیمان ئیرتفاع بکا لە بۆ بیناء؟ ئایا فیعلەن موقابل کەلیمەی (أیها الناس) جارێ نەبوینە کافر (أیها الناس) ئەوانە لە مستەوا لە ئیدراك لە فەهم لە چ مستەوایەکن؟ حەتتا(موحمد)یش بەو مستەوایە بتانی تەعامولیان لەگەل بکا، وە کە ئەوان لەو مستەوایە خەرائیط دادەنێن فیعلەن خەریتەی محمد وە عەقلی محمد وە ذکائی محمد لەگەر ئیمداداتی رەببانی ئەلطافی رەببانی موطابیق بی، تەقدیری خەرائیطی وان بکا، وە محمد ناجح و موهەیمین بی لە سەر خەرائیطی وان، فیعلەن بتانی تەوصیلی ریسالە وە تەفهیمی ئەو دینەی وفقی ئیرادەی خوای بکا.

تەماشا دەکەین جوللی ئایاتی کە لەو فەترەیە هاتتە خوارێ نەمەطی تەقدیمی ئائەو جەمعە غەفیرە لە قورەیش وەصییەغی مواجەهەی لە بۆ دین، وە تەحدیدی نەشاطی محمد لەگەر موئمینین زۆر عەجیب بووە، هەر لە یەکەمین فەترە بەو تەسەلسولەی دەست پێ دەکا صیراع، دێن دیراسەی حالی ئەو نبووەتە و ریسالەتەی دەکەن، نوقتەی یەکەم ئەو حەللەی لەبۆ دادەنێین دەرێن موحتەمەلە ئەوەش وەکو صولەحاء و پیاو چاکانی قەدیم بووە محمد وەکو وان بوبی دێ بەعزە نەصائیح دەکا، بەعزە ئیرشادات تەقدیم دەکا، بەعزە ئیقتیراحاتی داخیلی خۆی تەقدیم دەکا لە بۆ ئەو موجتەمەعەی، ئەوجا پاشان ئەمری خوای دەکا و دەمری، ریب المنون ئیزاحەی دەکا خوا حافیزی دەبی، فیکر و قەناعەتەکەشی چەند زەمەنەك لە پاشە خۆی دەمینێ ئەویش فاتیحەی لە سەر دەخینێدرێ، زەمەنەك راوەستان چەند مانگەك، تەمەشا دەکەن قاعیدەی ئەرضییەی دەعوە بەرینتر دەبی، ئیذەن بەینی بەشەر نەماذیجی بەشەری مەککەیی لەگەر عەطائی (محمد)ی جاذبیەتەك و موغناطیسییەتەك هەیە، کأنە عەطائی (محمد)ی بە مەفهومی ریسالەت موافیقە لەگەر فیطرەی ئائەو هەموو بەشەرە، لۆیێ بەبێ پەردە بەبی شەك عەطائی (محمد)ی ریسالەی یەکسەر دەچیتە ناو قلوبی وانە.

دێن دیراسە دەکەن تەماشە دەکەن، هەموو نەوعییات لە شەرائیحی مەککەیی چوینە ناو ئەو دینە، هەر لە ظالم هەر لە موجریم، هەر لە عارەق خۆر، هەر لە دەورەمەند و ریبا خۆر، هەر لە پیاو کوژ، چوینە ناو ئەو دینە، باشە بەس ئەوانەنە؟ نەخێر ئەدی عوقەلائەکان؟ موحتەمەلە فیکرەك بەس

لە بۆ جەمعەك ئیستیفادە بكرێ بەس جەمعەكی طەبیعەتی موعەییەن ئیستیجابەی ئەو فكرەی بكا، تەمەشا دەكەین نەخێر نەوعییاتی دیكەش تابیعی (محمد)ینە، ئائەو فەكرەیە زەمینەی دیتیە لە ناو قەلبیان، لە وانە مەثەلەن عوقەلاء زیرەكن، لەوانە ئەصحاب ئیمكانییات دەورەمەندن، عومریان هەیە، مەرموقن لە ناو عەشائیری خۆیان، باشە ئەو تەناقوضە چییە؟ باشە هەر ئەو دوو فیئەیە؟ تەمەشا دەكەن نەخێر، دوونی وانەش لە عەبیدو لە مستەوای مەسحوق و كادحین و ئەوانەش هەر تابعینە، لێرە خطورەتی قەضییەیان لە بۆ دەردەكەوی، محاوەلە دەكەن دیراسەی مەوضوع بكەن، كە دێن دێنە ناو عومقی ئەو دینەی، تەماشا دەكەن صیراعی وان لەگەر (محمد)ی لە سەر یەك قەضییەیە، ئەویش مەفهومی ڕبووبیەتی الله وە ڕۆژی ئاخیرەت، لۆیێ تەمەشاكەن هەموو سووەڕی مەكی كە دێ موعایەرە دادەنێ یاخود قەواعید دادەنێ لە بۆ بەس طەرحی موبەسەط و سەطحی تەمەشا دەكەی هەمووی لەو دوو بابەی دەدا، هەموو ئەو دوو هەدەفە پێكدینی.

یەكەمین:

تەئكیدی بوعدی ربووبییەتی الله.

دووەمین: پاشان ڕۆژی قییامەت، لۆ؟ چونكی هەر ئەوە موشكیلەی ئائەو بەشەرانە بووە لەوێ، وە موشكیلەی هەموو بەشەرییەتە لە وجود، لۆیێ فەترەی مەككی هەمووی قورئان كە بەحسی ئیمان دەكا دەرێ أن یؤمن بالله والیوم الاخر، بەحسی نەبی نییە رەسول، بەحسی مەلائیكەت نییە، بەحسی قەضا و قەدەر نییە، بەحسی جەننەت و جەهەننەم نییە، ئەصلی قەضییە أن یؤمن بالله ربا و إلها پاشانیش و الیوم الآخر، لۆیێ تەمەشاكە ئەو زەمانیش وە هەموو ئەزمینە ئائەو دوو مەفهومە لەناو فیكری ئەدیانی بەشەری موقەوەسە زۆر مەحدودە زۆر تەقویض كرایە، زۆركێشرایە پێچرایە، لۆ؟ چونكی بەو دوو مونطەلەقەی بە شەر دەتانی ئینفلات بكا و هەربێ، رب یەعنی هەموو وەقتەك ئەو الله لەگەر ئەو ئینسانەیە بەئیسمی سەمیعی و بەصیری و رەقیبی و موهەیمینی هیدایەت و بە هەموو وەقتەك، زۆر زەحمەتە بەشەر ئیحساس بكا هەموو وەقتەك رەقیبەكی هەیە، هەموو وەقتەك سەمیعەكی هەیە، هەموو وەقتەك بەصیرەكی هەیە، هەموو وەقتەك موهەیمینەكی هەیە، ئەوە زۆر زەحمەتە، بە شەر تەحەمولی ناكا، دەیەوەی ئینفلات بكا لەوەی.

لۆیێ حەتتا لە ئەدیانیتكە ئی یەهود و نەصارا مەفهومی الله تەجسید دەكرێ، تەجسیم دەكرێ لە بەشەر، بەشەرەكەش بەس دوو چاوی هەیە، ئیذەن ئەو هەموو عالەمە ئەو هەموو كەونەی نابینی بەشەرەكە، ڕۆژەك بێ حیساب و كتابی لەگەر بكا، (یوم الآخرة)یش ئەوەیە مادام ئەو ذاتە ئەوها سەمیع و ئەو ها بەصیرە ئەوها رەقیبە و ئەوها موهەمینە حەتمەن رۆژێك دێ بیگری (لا یفلیتە)،

لۆیێ نوقتەی یەکەم، صیراعی قوڕەیش لەگەر ریسالەی (محمد)ی ربوبییەتی رب العالمین پاشان یوم الآخرة.

که قوڕەیش مولاحەظەی خۆی دەکا موراجەعەی خۆیان دەکەن باشە ئەگەر ئەمە بچینە ناو ئەو فیکرەیەی کێ دەرێ مەشاکیلمان دەبی؟ کێ دەرێ ئیصراحەت ناکەین؟ کێ دەرێ..؟ کێ دەرێ..؟ یەك مەجموعە ئیحتیمالات دادەنێن لەبۆ خۆیان، ئەمما بالنتیجة پاشی دیراسە تەماشا دەکەن دەبینن دەورەمەند هەرچی ئەملاك و ئەموالی هەیە هەمووی بەجێ بێلی، ظالم هەرچی مەظالم هەیە دەبی ئینکار کا یەعنی ئەو سادەو ئەو زوعەماو سیاسیین هەموو مەناصب و مەقامی خۆیان بەجێ بێلن، هەموو وەکو طەبەقەی عاممە ببنە ئینسان، هەتا صیییەغی عیبادەتیان دەبی وەکو ئەو بەشەرە عادیانە بن، کو بەشەری عادی نوێژی دەکا دەبی ئەویش ئەوها نوێژی بکا، عیلمەن قورەیش ئەوها مەعروف بوو کە لە بەیت طەوافیشی بکردبا وەکی عامەی طەوافی نەدەکرد.

یەعنی ئەگەر عامە بهاتبا ناو بەیت بیویستبا طەواف بکا دەبا جلکەکی نوێ بکڕی، باشە ئەگەر پارەی نەبوو دەبا بچی جلکی قوڕەیشیەك ئستیعارە بکا ئەوجا بێ طەواف بکا، باشە ئێستا ئەبوسوفیان و وەلید و ئەبو لەهەب و عەمر بن عاص ئەوانە هەمووی وەکی بیلال و فلان و فلان بێن نوێژێ بکەن، ئەوە زەحمەتە، تەصەور ناکرێ حەتتا جێی دانیشتنیان نەوعی دانیشتنیان، حەتتا ئسلوبی جل و بەرگ و ڕدێن بەجێ هێشتنیان، یەعنی ئەو خەنافسەی وەقتی پێش تەقریبەن دە پازدە ساڵ هەبوو ئەو وەختی خۆی ئیشارەت بوو عەلامەت بووە سادە و عەبید لێك بکاتەوە، نەدەبا عەبید ڕدێنی هەبی، دەبا سادە ڕدێنی هەبی، نەدەبا عەبید سەری ببەستی دەبا هەموو سەر کۆت بی، یەعنی حەتتا جلك و بەرگیشیان، باشە ئەگەر هاتە ناو ئەو دینەی ریسالەی (محمد)ی دەبی واز لەو هەموو شتانە بینی، لۆیێ بە زۆر موبەسسەط ئەبوسوفیان تەعریفی صیراعی خۆیان لەگەر محمد دەکا، طەبعەن پاش بینە و ببەکی زۆر، وسەطاء ئیستعمال دەکەن زۆر موفاوەضات دەکەن لەگەر پێغەمبەری موفاوەضات غەیر موباشر، ئێستا بەحس دەکەین، دەلێ بە ئەبو طالب دەلێ: (ماطلب منکم غير کلمة واحدة) محمد بەس یەك کەلیمەی لە نگۆ ویستییە، هەر ئەوەندەی برێن ئەنگۆ، ئەبوسوفیان جواب دەداتەوە دەرێ: (و الله لوطلب منا مئة کلمة غير هذه لقلناه أما هذه فلا).

کەلیمە کە چ بوو؟ الله ربي، لەولاتر دەفەرمی: « قولوا لا إله إلا الله تفلحوا » رواه احمد، هەر ئەوەندە، باشە لۆ ئەو کەلیمەیەی نەدەگۆ ئەبوسوفیان ئەبو لەهەب و وەلید بن موغیڕە؟ چونکی ئەو کەلیمەی بگۆتبا دەبا هەرچی ئەحکام و موتەرەتیبات ئەو کەلیمەیەی هەیە هەمووی ئیجاد بکا بینتەجێ و بینتە وجود و واقیع ئەوەشی پێ ناکرێ، شەیاطین مەوجودن زەحمەتە لەبۆی، لۆیێ صیراعی بەینی ریسالە و بەینی ئائەو موشریکانە هەموو ئائەو مەنطوقە بوو، کە قوڕەیش دیتی موجامەلەی پێ

ناکرێ لەگەڵ محمد ئەوجا هاتە ناو واقیع فیعلەن محاوەلە بکا تەقویظی دەعوە بکا، ئەمما ئەویش بەعەقل بە ذەکاء شەیطان مەوجودە دێ خەرائیطیان لە بۆ دادەنێ، طەبعەن ئەو ئسلوبە ئسلوبی قەدیمە، لە قورئان رب العالمین نەفسی ئەسالیب طەرح دەکا لە بۆ موسا، کو موحارەبەی حەزرەتی موسای کرایە؟ کو موحاوەلە کرایە تەحدید بکرێ نەشاطی بە شەتتا ئەسالیب، ئەوجا پاشان لێ بدرێ حەتتا دەعوەکەی سقوط بکا، زۆر جار ئها لەو مەقطەعەی رب العالمین لە سەر زمانی فیرعەون نەقل دەکا لە بۆ مان فیرعەون بە موسا دەڵێ: (قال ألم نربك فينا وليدا ولبثت فينا من عمرك سنين (الشعراء ١٨))، (أم أنا خير من هذا الذي هو مهين ولا يكاد يبين) (الزخرف ٥٢) مەقصەدی لە ذاتی داعی بدا بەچش؟ بە ئەوصافی بەشەریی خۆی، ئەها ئەو ئیددیعای دەکا ئەو موسایەی ئیدعای نبوەت و ریسالەت دەکا فسە زمانیشە، نازانی حروفانیش بە تەواوی برێ، توخوا ئەمن شەریف ترم یان ئەو: (ونادى فرعون في قومه قال يا قوم أليس لي ملك مصر وهذه الأنهار تجري من تحتي أفلا تبصرون (الزخرف ٥١)، ئەوە ئسلوبی ضەربی دەعەواتە بە لێدانی داعی ذاتی خۆی، ئەو موخەطەطە قەدیمە شەیاطین نەقلیان کردیە لە وفود و عەناصری خۆیان لە بۆ زەمەنی پێغەمبەر.

نەفسی ئسلوب دێ قورەیش لەگەر محمد ئیستیعمال دەکا، جاری یەکەم موحاوەلە دەکا عەناصیرەکان تەحدید بکا، هەموو عەناصیرە موسلمانەکان ناونوس دەکرێن، هەتا وە بزانم چل و قسورە لە چل بەینی هەتا شێستە، ئەوانە هەمووی قەوائیم دەکرێ، ئەوە ناوەکانیانن، کە دراسەی زیاتری ناوەکانیان کرد ئەوە دەورەمەندە ئەوە فەقیرە ئەوە فیلانە هەموو هاتنە ناو ئەو دینەی بەوەی زانیان، کە ئەو دیراسەیە کرا هاتن مەفاهیمی ئەو دینەیان دیراسە کرد، فیعلەن مەفاهیمی ئەو دینەش ئەوەی لەگەر ناکرێ.

بابچین لەگەر ذاتی محمد تەفاهوم بکەین، ئەویش یەکەمین جار بە موفاوەضاتی غیر موباشیر، لۆوەی ئیعلان نەکەن کە ئیعتیراف بەمحمد و بە دینی محمد دەکەن، ئها مەثەلەن جیهەکی موعەییەن مەجموعە عەشائیرەك موشکیلەیان دەبی لەگەڵ عائیلەکی بەسیط ومنیە شەریفە گەورەکە رەئیسی عەشیرەت بێ دابەزی بە سەیارە و ئەجهیزەی خۆی لە دەرکەی ئەو پیاوە فەقیرەی بدا نەء، مەلایەکی دەنێری ئا پیاوەکی عادی دەنێری موفاتەحەی کەن، ئیقناعی کەن، دری چاکەن، نەفسی ئسلوب، قورەیش هەمووی ئیجتیماع دەکا لجنە تەشکیل دەبی بیست و پێنج نەفەر لۆوەی محمد ئیحساس بەوەی نەکا کە فیعلەن ئیعتیباری لە بۆ داندرایە سومعە و مەکانەی لە بۆ دروستکرایە، نەفەرەکی بنێرنەکن ئەبوطالب بائیقناعی کا، پێشی برێ بابە ئەبوطالب ئەتوو خۆت زەعیمی قورەیشی، گەورەی هەموومانی لە عومر و لە مەکانە ئەوەش برازای تووە، گێشت لێیە چ بەحسان دەکا لەگەر عالەمێ، چ فتنەی لۆ دروست کردینە، چ مەشاکیلمان لۆ دروست دەکا، نەصیحەتی بکە،

لۆ سومعەی مەش جوان نییە لۆ تووش جوان نییە، ضەربە لە مەش دەدا لە تووش دەدا، هەر زوو بەشکو عەقلی دەچێتە سەرە خۆی چاکەبی، ئەبو طالب لە دوو پێغەمبەری دەنێری صلی الله علیە و سلم، پێغەمبەریش دێتە کن ئەبو طالب، ئەو تەقریرە موفەصصەلەی ئەبو طالب تەقدیمی (محمد)ی دەکا صلی الله علیە و سلم سفهت أحلامنا عبت ابائنا سبیت الهتنا، ئائەوانە لە ضمنی تەقاریرەکانن، پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم نەخێر ئەوە هەمووی درۆیە، شتی ئەوها نەبووە بەحسی خوایەکانم نەکردییە، فیعلەن هەموو سووەڕی مەکی بڕۆ تەمەشاکە لە بیدایەت بەحسی لات هوبەل و عوززا و مەنات و ئەوانە نییە لۆ؟ چونکی خۆی پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم کابرایەکی زۆر زیرەك بووە، کەدێ ئیحتیکاك دەکا لە نوقاطی حەساس نادا ئیثارەی مەشاکل دروست بکا، ئیثارەی فیتەن بکا نەخێر، لە قەضایای موەححید و موشتەڕك لە بەینی بەشەرییەت بەحث دەکا، ئایەتەکانیش کە هاتینە خواری سووەری مەکی بیدائی هەمووی لەو مونطەڵەقەیە، بەحس بەحسی ئیجتیماعیاتە جارێ بەحسی خوایان نییە، ئیذەن قوڕەیش دەیەوێ ئیثارەی نەعرەی ناو قەلبی ئەبو طالبیش بکا بەدرۆ دەرێ: (یسب الهتنا) عیلمەن خۆی رب العالمین بە حەزرەتی محمد صلی الله علیە و سلم دەفەرمی (ولا تسبوا الذین یدعون من دون الله فیسبوا الله عدوا بغیر علم كذلك زینا لكل أمة عملهم ثم إلی ربهم مرجعهم فینبئهم بما كانوا یعملون) (الأنعام ١٠٨))، خەریتەی ئەوها بووە کە تەعامول دەکا لەگە بەشەر، محاولە دەکا بیکاتە ئەخ بیکاتە برا لەناو دائیرەی ئیمان، ئەگەر نەبووە برا لە ناو دائیرەی ئیمان بیکاتە صەدیق برادەر، ئەگەر نەبووە برادەریش بیکاتە موحاید، ئەگەر نەشبووە موحاید هەر لە بوعدی دوژمنایەتی خۆی ما، دوژمنایەتیەکەی کەم کا تەحدید کا.

لۆیێ هەر لە رۆژی یەکەم لە دەعوە مەوضوعەکە طەرحی علی کوری ئەبو طالبی کرد عەلی قەبولی کرد، عەلی گۆتی: بچم بە بابم برێم؟ گۆتی نەخێر ئەمن خۆم پێی دەرێم، ئەجواء دروست دەکەم، فیعلەن کە پاشان کە چووە کن مامی ئەبو طالب بەو نەوعەی پێی گۆ عاطیفەی ماماتی ئەبوطالب برند کا، ئەگەر هاتو ئەبو طالبیش ئیمانی نەهینا ئەمما ئەبوطالب ببتە موعینی محمد، لۆیێ جەبهەی ئەبو طالبی تەئمین کردییە، ئەبوطالبیش عەمودی فەقەڕی قوڕەیشە، هەتا ئەبوطالب مەوجودە قوڕەیش ناتانی لە سەر ئەبوطالب پاز بدا ضەربە لە محمد و ریسالەی محمد بدا، ئیذەن محمد محاوەلە دەکا دائیمەن ئەبوطالب بمینێ لە مەقامی خۆی، ئەگەر کافریشە ئەگەر موجریمە بەدینی خۆی، ئەمما لە عەینی وەقتیش زۆر موعینی زۆر موساعیدی محمد بووە کە محمد، لۆیێ حیمایەی دەعوەی محمدي کردییە ضمنەن.

کە دێ پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم پاشی لیقائی یەکەم موفاوەضاتی غەیر موباشر لەگەر ئەبوطالب و محمد، دەرێ: یا عماه قسەی وام نەکردییە درۆیێ دەکەن ئەوان، چ دەلیلیان نییە، فیعلەن

ئەگەر دەلیلیان هەبی بابێنە پێش ئیسپات بکەن لە سەرم، ئەبو طالب ئیقرار دەکا و قەنعات دینی، دەرێ: بڕۆ مادام مەوقیفت و ئیفاداتت ئەبەو نەوعەیە بڕۆ ئەمن پشتتم هەتا مایمە، دیسان لێرە مۆری عەمودی فەقەری ئەبوطالبی تەئمین کرد، ئەبوطالیب دیسان وەلائی دا(محمد)ی پێی تەوقیع کردەوە، لە مەوپاش ئەبو طالب زەعزەعە ناکا، ئەوە مەرحەلەی یەکەم بوو، پاشان فەترەکیتکە چونەکن ئەبوطالب هەر نەفسی زوعەماء بیست و پێنجە بیست و پێنج نەفەرە لجنەیان دانایە، لەوانە مەثەلەن عوتبەبن رەبیعە، شەیبە بن رەبیعە، ئەبو سوفیان، النذر بن حارس، ئەبوجەهل بن هشام، ئەبو لەهەب... الی آخرە، ئەوانە هەموو صەنادیدو عەمالیقەی قورەیشن، ئەو بیست و پێنج نەفەرە لجنەنە ئائەوانە مفاوەضات دەکەن بە غێر موباشیر لەگەر محمد، مەرحەلەی یەکەم قەطع بوو چەند مانگەکی پێدا چو فایدەی نەبوو، پاشان دیسان شەیطان وەحی دەکا، ئەو جارەی ئسلوبەکیتکە ئیستیعمال کەن، محمد چونکی مامیتی ئەبو طالب حوسنی ئیستیفادەی لە مامی کردییە، ئەنگو دەتانن ئەوە شەیطان بەو جەمعەیەی دەرێ بەو لجنەیە دەرێ ئەنگۆ دەتانن لە خۆتان گەنجەك زۆر لە(محمد)ی رێکتر زۆر جوانتر زۆر ئیشکەرتر ئیختیاری کەن بیدەنە ئەبوطالب لە جیاتی (محمد)ی، ئەبوطالبیش (محمد)تان تەسلیم کا، لەو بەینەی ئەبوطالب رابیحە ئەو بردیتیەوە، محمد دەکەویتە بن دەستینگۆ ئەو وەختی ئەنگۆ دەتانن تەعامول لەگەر(محمد)ی بکەن، سەهلە ئەوە کەسی لە پشت نامینێ.

فیعلەن دەچنە کن ئەبوطالیبی، جوانترین گەنجی لۆ هەلدەبژێرین ئەویش عەممار بن وەلید بن موغیرە، گەنجەکی زۆر رێك و پێك، گەنجەکی زۆر بە قووەت، مفتول العضلات، عەنتەرەکە لۆخۆی زۆر موطیعیشە دەرێن: بابە ئائەو وەرەقەی عەممارەی ئەوە ببتە کوڕی توو، ئەمە دەستمان لێ شوشت، هەتا حەیاتی مایە لە خزمەتی توو دابی، بە هیچ نەوعەکی لە ئەمری توو دەرنەچی، ئەتوش بالمقابل (محمد)مان بدێ، خۆت دەزانی دوژمنی تووشە دوژمنی مەشە، چونکی ئەمە هەمووومان یەك دینمان هەیە، ئەمە تەفاهوم لەگەر (محمد)ی دەکەین، ئەمما لە بەر ئەوەی رب العالمین حیمایەی محمد و ریسالەی محمد دەکا، ئەبو طالب کابرایەکی عاقلە یەکسەر جوابیان دەداتەوە بە وەسیطەکەی دەرێ: بەخوای پێیان برێ گێلن ئەوانیش، کوڕی خۆم بدەم پارچە پارچەی بکەن بیکوژن، یاخود لەتی بکەن، یاخود سجنی بکەن، کوڕی وان لە بۆیان بە خێو کەم گەورەکەم پاشان هەردێ لە بن دەست دەرچی، چم پێ دەکرێ ئەو وەختی؟ بە خوای دیارە ئەوان گێلن، مومەثیلەکە دەگەڕێتەوە بخفي لحنين هیچی پێ نەکرا، فەترەکی لە سە ئەوەی دەڕوا.

مەرحەلەی سێیەم:

دیسان وەسیط دەنێرن، هەر دیسان ئەو لیجنەیە، ئەو جارە بە چ؟ ئەبو طالبیش وە دەکەن بکەوتە مەجموعەی (محمد)ی، ئەویش موتتەهەم بی، پێتمان گۆت نەصیحەتی بکە نەتکرد، پێتمان گۆت بەدیلی لە بۆ دادەنێین نەتکرد، دیارە ئەتوو لەگەر وی، کو ئەو موتەهەمە لەکن مە ئەتوش موتتەهەمی، موحاوەلەمان لەگەر ناکەی، یاخود محاوەرەمان لە بۆ ناکەی ئەقەللەن ئیقناعی کەی، ئەگەر ئەتو لەگەرمان نەبی ئیذەن دوژمنمانی، مادام مەجالت دایە حمایەت دایە دوژمنمانی ئەتوش، ئەبو طالب لێرە قیچەك مەوقیفی شل دەبی، مەجبور خۆی دەچی لە دەرکەی پێغەمبەر دەدا صلی الله علیە وسلم، گەورەشە لە عومر عومری حەفتاو قسور سالە، پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم دەبینی ئەو هاتیە دایدەنیشینی ئیحتیرام و تەقدیر، دەرێ یا بن أخي دەزانی ئەوە عەمرم گەورە بووە، ئەو جەماعەتەش هەر هاتوو چوو دەکەن وازم لێ نانین، سەبەبەکەش ئەتووی، ئەوانە هەمووی خزم و ناسیار و بەنو عمومە و ئامۆزا و پورزا و خارۆزای توونە دوژمنداریان دەکەی، لە بیریشت نەچی ئائەو خوایەی کە ئێستا ئەوان عیبادەتی دەکەن خوای باب و باپیری تو بووە، کە ئەتوو ئیتیهامی وانیش دەکەی ئەوانیش بە موجریم دادەنێی، قیچەك هە موراجەعەی خۆت بکە، ئەسالیبی خۆت بگۆڕە.

یەکسەر پێغەمبەرصلی الله علیه و سلم حس دەکا ئەبو طالب نەرم بووە دەرێ: (یاعماه و الله لو وضعوا الشمس في یمیني و القمر في یساري علی أن أترك هذا الأمر ما ترکته حتی یظهره الله أو أهلك دونه)، ئەگەر رۆژ لە دەستە ڕاستم دەبنێن ئەگەر مانگ لای چەپم دابنێن لۆوەی بەس تەنازول کەم لەو ئەمرەی، بەخوای وازی لێ نانیم حەتا دەمرم هیلاك دەبم، لێرە ئەبوطالب ئەو حەیەویەتەی محمد، ئەو ئیمانەی محمد وەکو عاطیفەك نەقل دەبی لە بۆ قەلبی، ئەوە برازایتی عومرەن گچکەیە، عیلمەن لەوی، تەجروبەتەن لەوی،...الی آخره، ئەوە مەوقیفیتی و الله حەتمەن حەققەکی لەدو هەیە، عاطیفەکە برند دەبی دەرێ: ئەگەر فەوتای دەبی لەگەرت بفەوتیم، (إمضی ما أنت علیه فو الله لا اسلمك لاحد أبدا)، دیسان ئەبوطالب شەحن دەکا، لێرە ئەبو طالب گەڕاوە کنەوان تەماشا دەکا مەجالی مفاوەضاتی نییە بە قسە و خۆشی فلان.

ئەو جارە مفاوەضات موباشیر، دیارە عەقلیەتی ئەبوطالب نەیتانی زەحزەحە بە ئیڕادە و بە ئیمانییاتی محمد بکا، لە مەو پاش خۆیان، طەبعەن شەیطان خۆی ئێستا تەدەخخول دەکا، نەفەرەکیان هەیە ناوی عوتبەی بن رەبیع، نەفەرەکیکەیان ناوی وەلید بن موغیرە، عوتبە و وەجبەك دەچی بە تەنێ، وەلیدیش وەجبەك دەچی، هۆردوکیشی نەفسی شت دەرێن، لەمەو پاش مفاوەضات موباشیر لە گەر پێغەمبەری نەفسی کلیشەی تەغییری پێ ناکەن، دەچتەکنی لە دەرکەی دەدا، ئەویش یەك لە زەعیمەکان و یەك لە وزاریەکانی قوڕەیشە، بەخێرهاتنی دەکا، تەرحیبی پێ دەکاو، دەرێ عسی و

لعلی ئێ خودا قەلبی نەرم کردبی، هاتبی لە بۆ هیدایەت، فەرموو دانیشە، هات ما عندك دەرێ: (والله)ی هاتیمە تەخییر دەکەم بەینی سێ شت، لەو سێیەی یەکەك هەربژێرە، دەرێ: ئەمرکە، دەرێ: ئەمە هەر بیست و پێنجمان ئیجتیماعمان کردییە ئەوە قەراری هەر بیست و پێنجمانە گەیشتینە ئەو قەناعەتەی دیارە ئەتو بە ضەغط و بە مولایەنە و بە فلان و واز نایینی حەتمەن شتێتکەت دەوێ، لێکمان دایتەوە لەو سێ شتە زیاتر نییە، موحتەمەلە ئەتو مەلیکاتیت بوێ، بابە ئەمە ئیجتیماعمان کرد وە قەرارمان دا ئەتو بکەینە مەلیك، دێین تاجت لۆ دروست دەکەین لە کن فورس موجەوهەراتیشی پێوە دەنێین، حەفلەکی زەخمت لۆ دەکەین لە ناو مە کە هەموو عەرەب و عالەم جەمع دەکەین عەرشەکیشت لۆ دروست دەکەین و لەسەر عەرشەکە تاجەکەشت لەسەرسەرت دادەنێین، هەمووش لۆت مۆر دەکەین بەبێ قەراری توو هیچ نەکەین، باشە؟ بەس قیچەك وازبینە.

پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم دەرێ: ئەوە یەك، دووەم چیە؟ دەرێ: دووەم ئەوەیە ئەتوو وەختی خۆی دەورەمەند بووی ئەوەچەند سارەکە وەزعت وەکی جاران نەمایە خەدیجە ملیۆنێرە بوو مێردی پێکردی ئێستا پارەکەی هەموو تەوزیع کرد، ئێستا دەستت وەکی جاران درێژ نەمایە وەضعی ئیقتیصادیت ئەوهانەمایە، موستەعیددین بابە هەموومان لە ناو مەککەی چەند دەورەمەند هەیە، چەند تەبەقەی وەسەط هەیە مالمان بکەینە نیوە، هەموو نیوەکەی لۆتوو دانێین، نەك لەمە لە مەلیکی کیسراش دەورەمەندتر بی، ئەو وەختی هەرچی ئیقتیصادیاتە، هەرچی گومرگە، هەرچی بازاڕ و ضەرائیبە هەمووی حیصصەت تێدا هەبی.

دەرێ: باشە ئەوە دووەم، سێیەمە کە چییە؟ دەرێ سێیەمەکەش ئەگەر ئەو دووەت قبول نەکرد حەتمەن خەلەلەك هەیە لە عەقلت، ئەو دووەت قەبول نەکرد خەلەل هەیە لە عەقلت، هەموومان سوند دەخۆین بە لات و عوزا و هوبەل محاوەلە بکەین باشترین و ناجیحترین دەکاتیرە و ئەطیببا و پرۆفیسۆر و لە عیلاجی شێتاتی لە هەموو دونیا لۆت جەمع کەین، بە دەرزەن لۆت دەینین بەس ئەو خەلەلەی عەقلت لۆ چاك کە، دەرێ: تەواو؟ دەرێ ئا ئیمن تەواو.

دەرێ: گێ بدە من ئەو جارە سورەتی حا میم لە بیدایەتییەوە هەتا وەسەطی لۆ دەخینی، ئەو وەختی دیارە کە ئەو قسانەی هەموو لۆ پێغەمبەری دەکا ئەوها بووە؟ زەعیمە، رەئیس وزەرایە، فەخفەخە و کە پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم کو دەبدەبەکی کون دەکەی فوجئەتەن هەرچی هەوا لەناوی داهەیە هەمووی دێتە دەرێ، یەکسەر کە دەفەرمی: (بسم الله الرحمن الرحیم) وێك دێتەوە کابرا، ئەو هەموو هەواو کیبر وغورورەی هەمووی دەردەچی لۆ؟ چونکی ئائەوەی ماددەی فیطرەیە لە کن (محمد)ی صلی الله علیە و سلم، لەگەر فیطرەی بەشەر قسان دەکا، نەك لەگەر عەقل و ئیرادەی بەشەر، فیطرەکەش لە دەستی (رب العالمین)ە، لۆیێ زۆر جار گوتیتمان ئەو قورئانە مۆسیقای روحە،

فیعلەن روحەك قیچەك ئەمەلی پێوە مابی، باوەڕبكەن خودا شاهیدە سیمفۆنییەی حەیاتە، یەعنی بەس گێبدە نەغەماتی فۆنەتیكی كەلیمات، ئائەو سەمعە قەلبییەی كە ئینسان هەیتی دەیژیێنتەوە ئیعادەی دەكا روحی لە بۆ دروست دەكا، بەس فیعلەن قەلبەك قیچەك حەیاتی تێدابی، عوتبە ئەوها تەئثیری لێ بكا، كە دەگاتە ئایەتی سەجدە لە حا میم یەكسەر پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم دەچتە سەجدە، ئەویش من حیث لا یدري دەچتە سەجدە لەگەر پێغەمبەری، ئاگای لە خۆ نییە.

خودا شاهیدە تەجروبەك لەبۆ خۆم بووە پێشی تەقریبەن حەفت هەشت ساڵ موسڵمانەكی زۆر موتتەقی عەینی سورەتی لە بۆ دەخێندین مەجموعەك گەنج دانیشتبوین ئەغلەبیشمان دەست نوێژی نەبوو، لەو چۆلاتیەی كوردستانە وەختی نوێژ نەبوو، عەینی سورەت لە عەینی مەنطیقە سەجدەی برد بێ ئەوەی ئیرادەمان هەبی هەموو چوینە سەجدەی، لەگەر طەبیعەتی بەشەر لەگەر فیطرەی بەشەر موخاطەبە دەكا، عوتبە كە ئەوەی دیت، سەكەت هیچی پێنەما، چونكی لۆ؟ عوتبە دەزانی محمد چی پێیە، ئەو هەموو ئیعلامیاتەی كە ئەوان پێیانە ناكا موقابیلی یەك كەلیمەی وی، باشە ئائەو ثوقلە ئەو ئینطیلاقە عەظیمە كە لە (محمد)ی هەیە حەتمەن تەنازول ناكا لە بۆ ملوكایەتی، حەتمەن تەنازول ناكا لەبۆ هەموو ئەملاكی دونیا، لێرە حس دەكەن بەقووەتی محمد صلی الله علیه وسلم، كابرایەكی عاقلیش بووە یەكسەر دەرێ خوا حافیز دەردەچی.

لوجنە لە ناو بەیت ئینتیزاری دەكەن، یەكسەر دێ دادەنیشی دەرێ والله فایدەی نییە، ئەوەی ئەو كابرایە پێیتی ئی ئەو دونیایەی نییە، ئی ئەو عاردەی نییە، ئەو كابرایە بە مە موحارەبە ناكرێ، یەكسەر شەیطان لەوێ مەوجودە هاوار دەكا دەرێ و الله سحری لێ كردی، كە ئەو كەلیمەیە دەكەوتە ناو دەوی موجریمەكانی دی لە قورەیش دەرێن فیعلەن سیحری لێ كردی، چونكە ئائەو دەم و چاوە كە چووی بەو نەوعە نەبووی ئێستا دەم و چاوت گۆڕایە. فیطرەی ئینشیطار بووە، دەرێ ئەمن پێتانم گۆت كەیفی خۆتانە.

نەفسی ئسلوبی مفاوەضە جاری دوو و سێ و چار لەگەری دەكەن، ئەخیر جار وەلید دەنێرن وەلید بن موغیرە، ئەشعەری عەرەب بووە، شاعیرترین ئینسان بووە لە ناو عەرەب ئەو كابرایە، ئەوەیش دەنێرنە كنی، ئەویش بەعەینی ئسلوب نەفسی ئەو سێ شتە:

- دەتكەینە مەلیك.
- دەتكەینە دەورەمەندترین كەس.
- یاخود نەخۆشی چاری عەقلت دەكەین بە دختۆر.

سورەتیتكەی لە بۆ دەخینی، كە دەگەڕێتەوە ئەو لە عوتبەش عاقلترە دەرێ جەماعەت هەر بە لجنەكەی دەرێ، دەرێ بە من دەكەن با بچین ئیمانی پێ بینین باشترە، ئەمە لەگەر ئەوەی پێمان

ناكرێ، ئەوەی ئەو دەرێ ئی ئەو دنیایەی نییە، بە خوای ئەگەر ئیمانیشمان پێ هینا لە بیرتان نەچی ئەگەر بردیەوە ئەمەش لەگەری بردیتمانەوە، دۆڕاندی هەر خۆی دۆڕاندیتی، کابرا عاقل بووە، ئەمما شەیطان لێرە دیسان حاجزەك دروست دەكا، دەرێ هاها كو پێرێ سحری لە فلانی كرد بوو ئەوڕۆش سحری لەتوو كرد، ئائەو ئسلوبە نە تەرغیب وەنە تەرهیب زەعزەعەی مەوقیفی پێغەمبەری نەكرد صلی الله علیە و سلم.

دێینە سەر شەرحی ئەو حالەتەی، كو ئەمە دیراسەی ئا ئەو وەضعەی بكەین؟ زۆر جار ئەمە لە كوتوب یان لە مومارەساتی خۆمان ئەوها ئیحساس دەكەین كأنە ئسلوبی دەعوە، یاخود صیییەغی دەعوە، یا حەتتا بەعزەك لە مەفاهیمی دەعوە دەكرێ ئیجتیهاداتی خۆمان بی، بە عەقلی خۆمان بچینە لە قورئان مەجموعە ئایاتەك لە ئەحادیثی پێغەمبەریش مەجموعە ئەحادیثەك جەمع كەین تەصفیتی كەین، بیكەینە قەوائیم، وفقی وەی ئەمە هەم خۆمان عەمەل بكەین، هەم غەیریش دەعوەت كەین لە بۆ وەی، ئەوەیەك، دووەمینیش لە ئەثنای مەساری ئائەو دەعوەیە مەساری ریسالە ئائەو ئینسانانە حەقی ئەوەیان هەیە بە كەیفی خۆیان فاریزە لە بۆ دەعوەی دروست كەن، ئیستۆپی لە بۆ دروست كەن، یاخود بە سەیارەكەوە قەفزەی پێ باوێن، بە دەعوە كەوە قەفزەی پێ باوێن، كابرا ئیجتیهادی هەیە حەقی ئەوەی هەیە ئیجتیهاد بكا، كە ئیجتیهاد دەكا: (إن أصاب لە أجران و إن أخطأ لە أجر واحد)، ئەمما ئائەو مەقطەعە وەرە باوێ سەر قورئان بزانین چەندی بە چەندیە، چەندی صەحیح و ناضجە ریسالیە وەچەندی دەكەوتە خوارێ؟ رب العالمین لەرۆژی قیامەت موحاسەبەی صاحێبەكەی دەكا، تەجاروب بە واسطەی دین لە سەر عوقول و ئەفكاری موسلمانانی دەكرد بالأخص شەباب، حەتتا نەمەطی دعوە ئەو كەلیماتانەی كە لەزاری داعی دەردەچی دەبی عەفەوی بی؟

تەماشاكە لەو سیاقەی ئسلوبی پێغەمبەری صلی الله علیە و سلم كە دەعوەی كردییە، كە ریسالەی تەبلیغ كردییە، كە تەفهیمی كردییە، تەبیینی كردییە لەبۆ عالەم، هەموو وفقی ئائەو ئەو صیاغەیەیە كە مەوجوودە لە قورئان و بەس، ئەوەی خاریجی وەی خاریجی ئەو ئسلوبەی دەكا موحتەمەلە خۆی موحتەمەلە خۆی بە موصیب بزانی، ئەمما بابزانی خۆی لە پێغەمبەر عاقل تر نییە، خۆی لە پێغەمبەر ذەكی تر نییە، خۆی لە پێغەمبەر عالم تر نییە، بە خۆی لە پێغەمبەر ئەتقاتر نییە، لۆیێ دەبی فعلەن دەعوە لە بۆ ئیمان بی، نەك دەعوە لە بۆ ئیسلام، نەك دەعوە لە جەوانیبی ئیسلامیش، ئەوە بوعدی ئیقتیصادیاتی ئیسلامە، ئەوە بوعدی علمی ئیسلامە، ئەوە بوعدی فكری ئیسلامە، ئەوە بوعدی نازانم فلانی ئیسلامە، ئەوە هەمووی ئی گیرفانی خۆمانە، فیعلەن رسول الله صلی الله علیە و سلم محاوەلەی كردییە بگاتە قلوبی موقابیل، وەربوبیەتی الله ویوم الآخر لە قەلبی موقابیل دابنێ، ئەوجە پاشان ئەو موقابیلە وفقی بەرنامەجی رەبانی حەرەكە و نەشاط بكا.

لۆیێ حەتتا صییەغی ئیختیاری پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم بە دەستی خۆی نەبووە، تەماشای سوڕەتی عەبەسە بکەن، کو پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم تەوجیهـ و تەصویب دەکریێ؟ کو تەڕشید دەکریێ لە بۆ ئەصوەبی ئسلوب، عیلمەن کێهانامان بایە ئەتقا و ئەعلەمی مە بایە نەفسی مەوقیفی پێغەمبەری دەکرد، ئیذەن رب العالمین لە حالەتی پێغەمبەری رازی نەبووە لەو ئسلوبە دەعوەیەی، لۆیێ صەحیحتری نیشان دەدا، (تصویب و ترشید)ی دەکا، ئیذەن ئسلوبو دەعوە کردن لە مووتەغیرات نییە لە ثەوابتی دەعوەیە، کو نوێژ نوێژی نیوڕانێ سڕییە، وە چار رەکعاتە، نابتە دوو رکعاتەی جەهری، نوێژی سبەینێش ئەوهایە لە زەمانی پێغەمبەری هەتا ئێستا، ئێستاش کو دەعوە ئەوها بووە زەمانی پێغەمبەری صلی الله علیه و سلم ئێستاش بە نەفسی ئسلوب بی، بە نەفسی نەمەط بی، بە نەفسی ئسلوب نەبی موحتەمەلە کابرا خۆی دختۆر بی ئەمما کە دێ تەشخیصی نەخۆشی نەخۆشەکەی دەکا نازانی پەلە ڕێخۆلەیتی هاوار هاواریتی کابرا لە بەر ئەزیەتان، دێ نینۆکی دەکا لەسەر مێزی عەمەلیات دێ پرچی دادەینی لۆی ڕێك دێخی، عیلمەن پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم ئەوهای نەکرد، ئیذەن ئسلوبی دەعوە لە ثەوابتی دەعوەیە، وە ماددەی دەعوە لە ثەوابتی دەعوەیە، وە لە ثەوابتی ئیسلامە، ئەمما وەسائیلی دەعوە موختەلیفە.

وەختی خۆی پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم شوعەرای هەبوو ئەورۆ ئیحتیمالە ئەمە ئیستیفادە لە جەرائید بکەین، لە موجەلات بکەین، ئیستیفادە لە تەلەفزیۆن بکەین، ئیستیفادە لە رادیۆ بکەین، ئیستیفادە لە شوعەڕا بکەین.. الی آخره، بەس لەوەی ئیجتیهاد هەیە، ئەمما حەتا لە صیغەی دەعوە ئیجتیهاد نییە، فەکەیفە لە ماددەی دەعوە ئیجتیهاد هەبی؟ ئەوە ماددەی یەکەم نوقتەی یەکەم بەمن ضرورییە موراجەعە بکرێ.

نوقتەی دووەم:

لە بۆ ئەصحابی دەعەوات حەققی ئەوەی هەیە فیعلەن ئیجتیهاد بکا دیسان لە صییەغی مەرحەلە پێ قەطعکردنی ئەو دەعوەیە؟ ئەورۆ فەترەی فلانیی بی، سبەی فەترەی فلانیی بی، ئەورۆ فلانبی دووزبەی فلان نەبی، حەقی ئەوەی هەیە؟ لە جەواب دەرێین نەخێر، پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم ئینسانەکی سیاسی نەبووە مەقاصیدی سیاسیشی نەبووە، لۆیێ دەعوەی بە مەڕاحیلی سیاسیدا نەچووە، فەترەك لە فەتەڕات فلان مەوضوع طەڕح کا، پاشان ئەوە ئێکسپایەر ببی فلان مەوضوع طەرح کا، ئەو ئێکسپایەر بوو فلان مەوضوع، لۆیێ جوللی قورئان هەمووی لەسەر یەك ستراتیجییەت دەڕوا، ئەویش أن یؤمن بالله و الیوم الآخر، سەبر سەبر ئائەو أن یؤمن بالله والیوم الآخر تەفەڕوعاتی لێ دەبتەوە، لۆیێ هەموو قورئان، قورئانی کوللی لە سوڕەتی فاتیحەوە هەتا (قل أعوذ برب الناس (الناس ۱)) چ مەئموڕاتی تێدایە بە (یا أیها الذین آمنوا) دەست پێ دەکا، وە هەموو قورئان چ

مەنهییات تێیدابی طەلەب کرابی لە بەشەر بە (یا أیها الذین امنوا) دەست پێ دەکا، ئیذەن قەضییەی طەرحی ئیمان وە عەطائی ئیمان وە بینائی ئیمان ثابتە موتەغەییر نییە، کابرا نابی لە گیرفانی خۆی مەوضوعەکیتکە دەربینی، برێ نەخێر ئەو زەمان ئەو هابوو ئەو زەمانەش دەبی ئەو هابی، هەتا ئەو موئمینە فیعلەن دروست نەبی (یا أیها الذین آمنوا) تەطبیق نەبی لە سەری، لەسەری تەطبیق ناکرێ، فیعلەکە لە سەری تەطبیق ناکرێ، ئەمرەکە لەسەری جێبەجێ ناکرێ، نەفسی وەقت (یا أیها الذین آمنوا) حەقیقەتەن مەوجود نەبی لە مەنهییات نەهی ناکرێ، مونکەرات ناتانی بەجێ بێلی.

بالنتیجة کو پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم لە داخیلی خۆی آمن الرسول کردی وە نەفسی ئەو ئیمانەی طەرح کرد لە بۆ صەحابە، دەبی ئەمەی شەبابیش بە نەفسی ئسلوب بەنەفسی نەمەط بە نەفسی کەم و حەجم ئەو ئیمانە وەربگرین، کە ئەو ئیمانەمان لە قەلب دروست بوو ئەوجە دێین ئیجابییەن تەعامول لەگەر رب العالمین لەگەڵ ئایاتی مەئموراتی رب العالمین، ئەو وەختی فیعلەن لە طاعات وعیباداتمان لەذذەت دەبي، فیعلەن وفقی ئیرادەی خودای حەرەکەی دەکەین نەك وفقی ئیجتیهاداتی شەخصی خۆمان، ذەواتی خۆمان، ئەو وەختی ئەو وەختی تەوفیقات و ئیمداداتی رەبانیمان لە بۆ دەبی، عەونی رەبانیمان لەگەر دەبی، الله خۆی ذاتەن کو لە غەزوەی بەدر (أني معکم فثبتوا الذین آمنوا) ئەوجا (سألقي في قلوب الذین کفروا الرعب) (الأنفال ١٢) بەو هەموو تەوزیعاتە، ئەوجا پاشان بە مەلائیکەت دەرێ: (فاضربوا فوق الأعناق واضربوا منهم کل بنان)(الأنفال ١٢) لە بۆ مەش ئەوها دەبی الله، لە بۆ مەش فیعلەن ذاتەن موشارەکە دەکا لە گەرمان، تەوفیقاتمان لە بۆ دەدا، عەونمان دەبی، مەلائیکەت لەگەرمان حەقیقەتەن مەوجودن، حەقیقەتەن تەعامول دەکەن، وە شەیاطین کە لە قورئان باری تەعالا بە حەقیقەتەن واقیعەن لەمسیان لۆی کەشف کردینە و حەقیقەتەن ئەو وەختی لەمسی دەکەین، ئەو وەختی شەیطان بە عەدو دادەنێین، مەلائیکەتیش بە موعین و نصیرو صاحێب و صەدیق دادەنێین، (الله) ش خۆی رەقیب و سەمیع و بەصیرە.

تەمەننا دەکەم لە رب العالمین ئیمانەکی (محمد)ی و حەقیقی و صەحیحمان بداتێ، لە گوناهەکانمان خۆشبی، تەوفیقمان بدا لما یحبە و یرضاە، أقول قولي هذا و أستغفر الله لي و لکم سبحان ربك رب العزة عما یصفون و سلام علی المرسلین والحمدالله رب العالمین.

کێ سوئال و ئیستیفسارات و بەس ئەو برایەی کە مەجموعە برایەك طەلەبی ئەوەیان کرد بوو مەوزوعی دەرسی پێشترێ قەضیەی شەیطان و صیبەغی نزولی شەیطان دەرسەکە لێرە تەواو بوو ئەوی دەروا خواحافیزی بی، بەس ئەوەی ئیستیفساری هەیە لە موضوعی شەیطان، بەحسی شەیطانمان کرد دەرسی پێشترێ بە ئایات: (تنزل الشیاطین تنزل علی کل أفاك أثیم) (الشعراء)

بەحسی ئەوەمان کرد، دیارە سوء فەهمەك دروست بووە لە مەوضوع، فە جەوابەکە بەو نەوعەیە لە سوڕەتی شوعەراء رب العالمین دەفەرمی: (هل أنبئكم على من تنزل الشياطين تنزل على كل أفاك أثيم يلقون السمع وأكثرهم كاذبون) (الشعراء ۲۲۳))، ئەوە تەنەززولی شەیاطین، پاشان دەفەرمی: (وكذلك جعلنا) لە سوڕەتی أنعام (لكل نبي عدوا) (الفرقان ۳۱)) جعلنا لكل کەلیمەکە کوللە (لكل نبي عدوا) کێنە عەدووەکان؟ (شياطين الإنس والجن) دوو نەوعن، عیلاقەیان چییە ئەو دوو شەیطانە لە بەینی یەك؟ (يوحي بعضهم إلى بعض زخرف القول غرورا ولو شاء ربك ما فعلوه فذرهم وما يفترون (الأنعام ۱۱۲)، وەحی هەیە لە بەینی ئەو دووەی، ئەوە سوڕەتی انعام.

لە سوڕەتی انعام دیسان دەفەرمی: (وإن الشياطين ليوحون إلى أوليآئهم ليجادلوكم وإن أطعتموهم إنكم لمشركون) (الأنعام)۱۲۱، ئیذەن وەحی هەیە، شیاطین هەیە، تەنەززولی شەیاطینیش هەیە، تەنەززولی شەیاطین کوە؟ دیسان لە سوڕەتی أعراف رب العالمین دەفەرمی صییەغی تەنەزولی شەیاطین: (ثم لآتينهم من بين أيديهم)(الأعراف ۱۷) من الأمام ئەها دەرێن تەقەددومی (ومن خلفهم) رەجعی (وعن أيمانهم) يميني (وعن شمآئلهم) يساري، (ولا تجد أكثرهم شاكرين)، مەفهومی کەلیمەی تەنەززول چییە؟ ئیشکالەکە لێرە بووە، شەیطان چار جێی تەحدید کرد، خۆی جیهات شەشە، جیهە یەعنی روو، بەشەر شەش رووی هەیە فەوق سەرەوە، تەحت بنەوە، پێش ئەمام، لە قورئان (بين أيدي) ئیستعمال کرایە خەلف پشت، یەمین و یەسار راست و چەپ، شەیطان دەرێ: ئەگەر هاتوو بمەوێ ئیثارەیان بکەم بەس لە چار لاوە رێوە دەتانم زەفرەیان پێ ببەم، لە پێش وە لە پاش لە راست و لە چۆپ، ئیذەن فەوق و تەحتی نییە لۆ؟ فەوقەکە بەس لە بۆ وەحیە بەس لە بۆ مەلائیکەتە، لۆیێ شەیاطین لە ئاسمان ئێستا قطع کراینە، لۆیێ عیلاقەی بەینی شەیاطین و بەینی ئاسمان نەمایە، ئێستا شەیاطین وفقی عەقلی خۆی، وفقی ذەکائی خۆی ئیش دەکا، شەیاطین علومی رەبانی، علومی وەحی، علومی غەیبی لێ قطع کرایە، هەتا پێشی پێغەمبەر عیلاقەی هەبوو لەگەر ئاسمان يسترقون السمع ئەمما وەکی پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم ریسالەتی هات: (فأتبعه شهاب ثاقب)(الصافات ۱۰)) ئێستا شەیاطین عیلاقەی لەگەر ئاسمان نەمایە، ئەمما خۆی چییە شەیطان کوتلەکی عەقلە، زۆر زیرەکە شەیطان، زۆر ذەکیە شەیطان، هەرچی لە عوقولی مە هەیە وە لە عقولی کە فەرەی هەمووی تەجمیع دەکا.